

# پرۆسەی هاوسەرگیری لەقۆناغی زانکۆ و پەیمانگادا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان

**زیادبوونی پرۆسەی هاوسەرگیری لەزانکۆکاندا یەکێکە لەدیاردە بەرچاوەکانی نێو کۆمەڵگە و ڕۆژ بەڕۆژیش پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێو زانکۆ و پەیمانگاکاندا لەزیاد بووندایە، توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ئاماژە بەوەدەکات کە ئەم پرۆسەیە چارەسەری قەیرەیی ئافرەتان و کۆچی لاوان بۆ دەرەوەی وڵات دەکات، هەروەها ئابووریناسانیش پێیانوایە باشبوونی باری ئابووری کۆمەڵگە هۆکارێکە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری لەناو زانکۆ و پەیمانگاکاندا.**

### دەستنیشانکردنی ژیانی هاوسەری لەقۆناغی زانکۆ باشترین قۆناغە

زۆر لەکچان ئاماژە بەوەدەکەن دەتوانن لەو ماوەیەی خوێندنیاندا لەزانکۆ لەهاوپۆلەکەیان تێبگەن، کەشوهەوای زانکۆ گونجاوترین شوێنە بۆ لێك تێگەیشتن، لەمبارەیەوە ژیلا ئەنوەر قوتابی قۆناغی دووەمی کۆلێژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی کە ماوەی شەش مانگە لەگەڵ کوڕێکی هاوپۆلی خۆیدا چۆتە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، ئاماژەی بەوەدا کە هەرگیز هەست بە پەشیمانی ناکات و لەگەڵ هاوسەرەکەیدا زۆر گونجاوە دەڵێت: ((لەوەتی چومەتە نێو ئەم پرۆسەیەوە زۆر هەست بەئارامی دەکەم، چونکە بڕیارێکی چارەنووسسازمداوە، ئەو کەسەی دەمویست ژیانی هاوسەریم لەگەڵێدا پێکهێنا)).

شنۆ حەسەن قوتابی لەکۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدین ماوەی ساڵێك زیاترە لەگەڵ کوڕێکی هەمان کۆلێژدا چۆتە نێو ژیانی هاوسەرییەوە، جەختی لەوە کردەوە کە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا زۆر بەیەکەوە گونجاون و هیچ کێشەکیان نییە، شنۆ ئاشکرایکرد کە نەبوونی کێشە بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە پێکەوەنانی ژیانی هاوسەریی لەناو خودی زانکۆدا لەهەموو شوێنێك باشترە، و دەڵێت: ((من وەك قوتابییەکی زانکۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی دروست هەڵدەسەنگێنم، چونکە بەجێگەیاندنی هاوسەری سوننەتی ژیانە و لەهەمان کاتدا هاوسەرگیری ناو زانکۆ زیاتر پشت بەخۆبەستن و متمانە بەخۆبوون لەلایەن هەردوو ڕەگەز دروست دەکات.

زۆربەی قوتابیە کچەکان پێیانوایە زانکۆ باشترین فرسەتە بۆ هاوسەرگیری، چونکە دوای تەواوکردنی زانکۆ شووکردن یان ژنهێنان قورس دەبێت، چونکە ناسینی کەسی شیاو و باش زەحمەت دەبێت، بەڵام لەزانکۆ یەکتر ناسین ئاسانە، قۆناغی قوتابیێتی باشترین قۆناغی تەمەنە بۆ دەستنیشانکردنی کەسی شیاو، لەمبارەیەوە سازان کەمال پێیوایە ژیانی زانکۆ جگە لەدابینکردنی ژیانی ماددی بۆ ئایندە، شوێنێکی شیاویشە بۆ دۆزینەوەی هاوسەر بەشێوەیەکی دروست و دەڵێت: (زانکۆ باشترین

شـــوێنە بۆ دروســـتکردنی خێزان ئەگەر بە عەقڵ بڕیار بدەیت).

**مەرج نییە دوای خوێندن ژیانی هاوسەری پێك بهێنیت**

ئومێد کاکل کە ماوەی پێنج مانگە هاوســـەرگیری ئەنجامـــداوە، پێیوایـــە دامەزرانـــدن و تەواوکردنی خوێندن بیانوو نین بۆ دواخســـتنی هاوسەرگیری و دەڵێـــت: ((مەرج نییە دوای ئـــەوەی خوێندن تەواو بکەیت ئینجا هاوسەرگیری بکەیت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کەسایەتییەکی هاوشێوەی خۆت بدۆزیتەوە و کەبتوانێت لەگەڵیدا بژیت، زانکۆش باشترین شوێنە بۆ دۆزینەوەی کەسی وەك خۆت)). ئومێد ئاماژەی بەوەشدا، هاوسەرگیرییەکەی بەهۆی ئامۆژگاری هاوڕێکانییـــەوە بـــووە، لەبەرئەوەی ئـــەو کۆمەڵە هاوڕێیەی کە زانکۆیان تەواو کردووە، بەردەوام پێیان وتووە ژیانی هاوسەری پێك بهێنێت.

**بیمەی بێکاری و قەرزی بچووك کاریگەری زۆری هەیە لەسەر زیادبوونی پرۆسەی هاوسەرگیری**

باشـــتربوونی باری ئابـــووری هۆکارێکە بۆئەوەی کـــە قوتابیانـــی زانکـــۆ بتوانن هاوســـەرگیری ئەنجامبـــدەن، چونکە لەکاتی ئێســـتا بـــە بەراورد بەســـاڵانی ڕابردوودا باری دارایی خەڵك باشبووەو داهاتی تاکیـــش بەرزبوونەوەی بەخۆیـــەوە بینیوە کە ئەمەش هۆکارێکی ســـەرەکیە بـــۆ زیادبوونی ڕێژەی هاوسەرگیری لەناو زانکۆ و پەیمانگاکاندا، لەمبارەیـــەوە کامـــەران عەزیز پســـپۆڕی ئابووری ئاماژەی بەزیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیریدا کە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری و دەڵێت:(بێگومان زیادبوونی داهاتـــی تاکەکـــەس کاریگەری هەیـــە بۆئەوەی تاکەکان بتوانن لەکاتێکی گونجاودا هاوســـەرگیری ئەنجامبدەن، بەتایبەتی ئێستا تارادەیەك پێشینەی هاوســـەرگیری زیادکراوەو ســـەرجەم هاووڵاتیانیش دەگرێتەوە کەئەمەش کاریگەری زۆری لەزیادبوونی ڕێژەی هاوسەرگیری کردووە)، هەروەها کامەران باس لەوەدەکات ئەگەر بێت و گەنج زوو هاوســـەرگیری بکات زووتـــر دەتوانێت هەنـــگاوی خێرابنێت و بۆ بەڕێوەچوونـــی ژیانی کاری جددی بکات، بیمەی بێکاری و قەرزی بچـــووك هەموویان کاریگەرییان دەبێت لەسەر زیادبوونی ڕێژەی هاوسەرگیری لەبەر ئـــەوەی گەنجەکان زیاتر هەســـت بەئارامی دەکەن دوای دەرچوونیان لەزانکۆ.

دەوترێت هاوســـەرگیری سوننەتی ژیانە، لەسەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهاندا ئەم پرۆســـەیە بەشـــێوازی جیاواز بەڕێوەدەچێت بۆئەوەی خێزانێکی ســـەربەخۆ بەرهەمبێت، لەلایەکی دیکـــە بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووی ڕۆحەو لەهەمان کاتیشدا وەکو هاوبەشێکی ژیانـــە کەجۆرێـــك لەهاوڕێیەتـــی و وابەســـتەیی لای هـــەردوو ڕەگەزی نێر و می دروســـت دەبێت، مامۆســـتا عەزیز عبدولحەمید زانـــای ئایینی و ئیمامـــی مزگەوتـــی حاجی ســـەعید لەگەڕەکی نەورۆز ئامـــاژە بەوە دەکات کە ئەگەر کەســـێکی گەنج توانای ماددیی یـــان مەعنەویی هەبوو، با ژیانی هاوسەری پێکبێنێت، دەڵێت: (هاوسەرگیری لەڕووی ئاینییەوە ســـوننەتێکە دەبێت لەتەمەنێکی گەنجێتیدا بکرێت، هـــەر قوتابییەك لەقۆناغەکانی زانکۆ یـــا پەیمانـــگادا و توانای ئـــەوەی هەبوو خێزانداری بـــکات، ئەوا باشـــترە ئەنجامی بدات، لەئایینی پیرۆزی ئیسلامیشـــدا هاوسەرگیریی زوو باشترین شێوەکانی هاوســـەرگیرییە، کە گەنجەکان هەوڵ بدەن زوو پرۆســـەی هاوســـەرگیری ئەنجام بدەن، تاکو کۆمەڵ و کۆمەڵگە تووشی خراپەکاری نەبێت).

هەروەهـــا مامۆســـتا عەزیز وەکو باســـی دەکات، کۆمەڵێك گەنج ئێستا لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هەن باری ئابووریشیان زۆرباشـــە، بەڵام هاوسەرگیری ناکەن قۆناغی زانکۆشـــیان تەواو کردووە، وتی: ((لەبەر ئەوەی ئەو گەنجانە هاوسەرگیرییان لەکاتی خۆی ئەنجام نەداوە بەرەو لاڕێ دەڕۆن، کە ئەمە کارێکی خراپـــە، زۆربەی ئەم گەنجانـــە بەهۆی پێوەندی سێکسیەوە لەزەواج دوورکەوتوونەتەوە، بۆیە پرۆسەی هاوسەرگیری باشترین چارەسەرە بۆ سەرجەم کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان.

**هەر کۆمەڵگەیەك ڕێژەی هاوسەرگیری تیادا بەرزبێتەوە ئەوکۆمەڵگەیە بەرەو پێش دەچێت**

هاوســـەرگیری ناو زانکۆ چارەسەری زۆر گرفتە، لەوانە قەیرەیی و کەمکردنەوەی کۆچی لاوان بەرەو هەندەران، سەبارەت بە لایەنە ئیجابیەکانی ئەم پرۆسەیە توێـــژەری کۆمەڵایەتی شـــەوین عەلی پێیوایە کە پرۆسەی هاوسەرگیری خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی پیرۆزە و دیاردەیەکـــی کۆمەڵایەتیە، تاکە ڕێگەیە بۆ دروســـتکردنی خێزان هەر دەبێت دروست ببێت، و دەڵێت: ((هاوسەرگیری ئەو پێوەندیەیە کە ژن و پیاو کۆدەکاتەوە، ئەگەر پرۆسەکە لەسەر بناغەیەکی لێك تێگەیشـــتن و هەست کردن بەئەرك و ماف بەرامبەر بەیەکتری دروست بوو، ئەوا پێوەندییەکی سروشتی بێ کێشـــەوگرفت دەبێت، بێگومان هاوســـەرگیری نێـــو زانکـــۆ حاڵەتێکـــی زۆر ئیجابیـــە، چونکە بەهۆی هاوسەرگیرییەوە دەتوانیت خۆت لەگرفتی کۆمەڵایەتی دەرباز بکەیـــت، بێجگەلەوەی مانای دروســـتبوونی خێزانێکی نوێیـــە، هەرکۆمەڵگەیەك ڕێژەی هاوســـەرگیری تیادا بەرزبێتەو،ە بەرەوپێش دەچێت)). شـــەوین ئاماژە بەوەدەکات کە ئێســـتا خۆشـــگوزەرانی ژیان زۆر بووە، قوتابی لەچەندین ڕێگەی جیـــاوازەوە بـــەردەوام هەوڵـــی تێرکردنی ئارەزووە سێکسیەکانی دەدات و دەڵێت: ((پەنابردنی قوتابیانی زانکۆ بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری کارێکی باشە و کۆمەڵگەیەکی جێگیر دروست دەکات، ئەمە بێجگەلەوەی کەدڵنیایی دەروونی بەهزری تاکەکان دەبەخشێت، ئەوکاتە هەر زوو هەوڵی خۆدروستکردن و پێکەوەنانی ماڵ دەدات)).



# لاقرتێی کچان لەڕێی ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیا!

ڕاپۆرت: شادی زەڵمی

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی زۆر هۆکاری پێوەندی کردن و کارئاسانی و زوو گەیشتن بەزۆرترین زانیاری بەکەمترین ماوە و ئاگاداربوون لەهەموو ئەو شتانەی کە ڕوودەدەن لەدەوروبەرمان لەڕێگەی تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی زانستیەوە، بەتایبەتی لەبواری گەیاندن و پێوەندی بەستنەوە کە زۆر پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بەڕادەیەك کە جیهان وەك گوندێکی بچووکی لێهاتووە، بەڵام لەبیرمان نەچێت لەگەڵ بچووکبوونەوەی جیهان کێشە کۆمەڵایەتیەکان زیادیان کردووە و گەورەبوونە، بێگومان کۆمەڵگەی کوردیش دوورنییە لەو کێشانەی کە لەئێستادا بەرۆکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گرتووە کە زۆر جار بەکارەسات کۆتایی پێدێت، هەرچەندە زۆر کەس جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ناتوانین وەك دیاردە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، چونکە داتای زانستی و وردمان لەبەردەستدا نییە لەم بوارەدا ئەنجام درابێت، بەڵام گومانی تێدانییە کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لادانی ڕەوشتی لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەیە و ڕۆژانە دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەین، ئەمە تەنیا پەیوەست نییە بەچین و توێژێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو باڵی کێشاوە بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا لەتەمەنە جیاوازەکاندا و لەهەردوو ڕەگەز، پێوەندی بەوە نییە کە ئەو کەسە ئاستی خوێنەواری چەندە، بەڵکو کشاوە بەناو زۆر لەچین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا، بەڵام بێگومان کچان پشکی شێریان بەردەکەوێت لەبەرامبەر ئەو کێشانەی بۆیان دروست دەبێت لەڕێگەی هۆیەکانی پێوەندیەوە بەتایبەتی مۆبایل و ئەنتەرنێت، چونکە لەم ڕێگەیەوە کەمتر ئاسایشی تاك پارێزراوە و زۆر ئاسان دەتوانرێت لاقرتێی (تەحەروش) بەکچان بکرێت، لەقسەی ناشرین و وێنە گرتن و نامە و زۆر هۆی تر، بێگومان ئەمەش هەمووی بەهۆی خراپ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا و نزمی ئاستی هۆشیاری لای تاك، کە زۆر جار ئەمەش کاریگەری سلبی لەسەر دەروونی کچان دروست دەکات، چونکە لەدڵەڕاوکەیێکی بەردەوامدا دەژی لەگەڵ هەر تەلەفونێکی نەناسراودا یان هەر نامەیەکدا. لەم بارەیەوە خاتوو بەهار ڕەفیق کە توێژەری دەروونییە دەڵێت «تەنیا لەساڵی ٢٠١١دا و لەماوەی دوانزە مانگدا ٥٦٠ کەیسی جیاوازم هاتۆتە بەردەست کە هەموویان لەکۆتاییدا بەجۆرێك لەجۆرەکان پەیوەست دەبنەوە بەمۆبایلەوە» و وتیشی تا ئێستا هیچ کەیسێکم نەهاتۆتە بەردەست کە تاوان ئەنجام درابێت بەرامبەر بەکچان لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە کاریگەری نییە بێگومان کاریگەری خۆی هەیە هەروەها «ئەو تاوانانەی ئەنجامدراوە جۆراوجۆرن کە هەندێکیان بەهەڕەشەی کوشتن کۆتایی هاتووە یان دەرهێنانی لەقوتابخانە، بۆ نموونە کچێك بەڕێگەی هەڵە تەلەفۆنی بۆ هاتبوو لەلایەن کوڕێکەوە پاشان پێوەندی لەگەڵ دروست کردووە و لەیەکەم ژوواندا بەسێ کوڕ دەستدرێژی سێکسییان کردۆتەسەر!» بێگومان ئەمەش ئەوە دەردەخات زەرەرمەندی یەکەم کچانە، بۆیە مۆبایل لەگەڵ ئەوەی ئامێرێکی زۆر بچووکە، بەڵام بەهۆی خراپ بەکارهێنانەوە دەتوانێت کارەساتی زۆر گەورە بخولقێنێت کە نەتوانرێت بەئاسانی چارەسەر بکرێت «ئافرەت هەبووە لەسەر یەك نامەی هەڵە کە لەشەودا بۆی هاتووە پیاوەکەی تەڵاقی داوە» بۆیە من گەشتوومەتە ئەو بڕوایە کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردی لەناکاو بەڕووی هۆیەکانی تەکنۆلۆژیادا بەبێ ئامادەسازی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی زۆر لێی زەرەر مەند بووین بەڕادەیەك «بەقەد دوو هێندەی کیمیایی و ئەنفال کاریگەری سلبی لەسەر کۆمەڵگە جێهێشتووە».

بێگومان لەناو هەرزەکاراندا کێشەکە زیاتر بڵاوە و زووتر دەکەونە ناو هەڵەوە، سیروان محمد توێژەری دەروونییە لەم بارەوە دەڵێت «بەهۆی ئەو بەربەستانەی بۆ کچان دروست کراوە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا لەژیانی ڕۆژانەدا بۆیە تووشی لادان دەبێت کاتێك خۆی دەبینێتەوە لەبەردەم فەزایەکی گەورە و دوور لەهەموو ئەو بەربەستانەی کە پێشتر بۆی دروست دەبوو و دەتوانێت پێوەندی ببەستێت لەگەڵ هەرکەسێك کە ئارەزووی لێیەتی دوور لەچاوی دایك و باوکی، بۆیە دەکەوێتە هەڵەوە و ڕەگەزی بەرامبەر ئەم دەرفەتە دەقۆزێتەوە. لەم بارەیەوە بەهار ڕەفیق دەڵێت «من زۆر جار سنگی ئەو کچانە دەشوبهێنم بە شەبەکاتی ئەنتەرنێت، چونکە مۆبایل و سیمکارتی تیادا حەشار دەدەن لەقوتابخانەکانی کچاندا». زۆر جار دایکان و باوکان لەداهاتووی کچەکانیان دەترسن تا ڕادەیەك ڕێگری دەکەن لەکچەکانیان مۆبایل بەکاربهێنن، لەم بارەیەوە خاتوو بەهار ڕەفیق دەڵێت «کەیسێکم هاتەلا کە کچێك کەوتۆتە ژێر هەڕەشە لەلایەن باوکی تەنیا مۆبایلی پێبووە بێ ئەوەی سیمکارتی تیابێت کە بەکاری هێناوە بۆ گوێ گرتن لەگۆرانی». بەڕای من چارەسەر لەڕێگەی بەیاسا کردنی بواری تەکنۆلۆژیا و وشیارکردنەوەی تاکەوە دەبێت.

هاوڕاز عبدول توێژەری دەروونییە و دەڵێت «لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا کۆمەڵگەی کوردی زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیوە لەزۆر بواردا کە بۆتە هۆی کرانەوە بەڕووی جیهانی دەرەوەدا، یەك لەو بوارانەش هۆیەکانی پێوەندی و ئەنتەرنێتە، بەڵام بەبێ ئامادەسازی بۆ ئەو قۆناغە، چونکە ئەم هۆیانەی پێوەندیکردن لەکاتێکدا هاتنە ناو کۆمەڵگەی ئێمە کە کچان سنووردار کرابوون و دەرگاکانی پێوەندی کردن بەدەوروبەرەوە بەڕوویاندا داخرابوو، بۆیە بەڕای من ئەم کێشانە پێویستە چارەسەر بکرێت لەڕێگەی وشیار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لەو دەرئەنجامانەی کە لەڕێگەی خراپ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیاوە ڕوودەدات.





# پیاوێک هەڕەشەی لێدەکرێت



دوو کەس بە ناوەکانی (ع، ع)و (ی،ع) هەڕەشـــەی کوشتن لە کەسێك دەکەن ئەگەر ڕازی نەبێت کچەکەی خۆی بدات بە(ی،ع).

(ص،م) لەدایکبووی ١٩٣٠ ســـکاڵای دژی هەریەکە لە (ع، ع)و (ی،ع) لە پۆلیس تۆمار کردووە و بەوە تاوانباریان دەکات کە هەڕەشـــەی کوشتنیان لێی کردووە ئەگەر ڕازی نەبێت کچەکەی خۆی بدات بە(ی،ع)، بەپێی ڕاگەیاندنی پۆلیســـی هەولێر دوای وەرگرتنـــی وتەکانی و ئاگادار بوون لە وردەکاریەکانی کێشـــەکە بڕیار درا بە دەستگیرکردنی تاوانباران بەپێی ماددەی ٤٣٢ یاسای سزاکان.

# یاری پێکردنی چەک ماڵئاوایی لە پەپولەیەک دەکات

دیاردەی بەکارهێنان و گرنگی پێنـــەدان بەچۆنیەتی هەڵگرتنی چەك ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەرەنجامی خراپی دەبێت، هەر لەم چوارچێوەیەدا لە قەزای دەشتی هەولێر منداڵێك بەهۆی یاری پێکردن بەچەکەوە کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت.

سەبارەت بەم ڕووداوە نەقیب کاروان لە ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر بەگوڵانی ڕاگەیاند «لەرێکەوتی ٢٠١٢/٤/٢ بنکەی پۆلیسی قەزای دەشتی هەولێر ئاگادار دەکرێتەوە بەبوونی زامدارێك لەنەخۆشخانەی فریاکەوتـــن، دوای وردبوونەوە و ئـــاگادار بوون دەرکەوت زامدارەکە بەناوی (ك،ت،ع) کە تەمەنی ١١ ســـاڵە دوو گولەی لەخۆی دابوو بەچەکی (کلاشینکۆف) و لەلایەن باوکیەوە گەیەنراوەتە نەخۆشخانە، بەڵام لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە.

نەقیـــب کاروان ئەوەشـــی ڕوونکردەوە، هێڵـــکاری وێنەی ڕووداوەکە کراوە بەدەســـتگیرکردنی چەکی بەکارهاتوو لەگەڵ یەك مەخزەن و چل فیشـــەك. فۆرمی توێکاری لاشـــەی نابراو لەلایەن پزیشکی دادی ئەنجامدراوە و دواتر ڕەوانەی بەردەم بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوەی ئێشکگر کرا، ئەویش بڕیاریدا بەوەرگرتنی وتەی داواکارانی مافی کەسی بۆ هەوڵدان بە گەیشتنی ڕاستی ڕووداوەکە.





# کوڕەکەی هەڕەشەی کوشتنی لێدەکات

بەگوێـــرەی ڕاگەیاندنـــی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیســـی هەولێـــر لەکۆمەڵگەی شـــاوێس ئافرەتێك بەناوی (ف،ق) لەلایەن کوڕەکەیەوە هەڕەشـــەی کوشـــتنی لێکراوە، ئەویش بۆ پاراســـتنی گیانی خۆی لە پۆلیس سکاڵا لەدژی بەرز دەکاتەوە.

(ف،ق) لەبنکەی پۆلیســـی شاوێس سکاڵا لەدژی کوڕەکەی کـــە بەناوی (ا، ڕ) بەرز دەکاتـــەوە و بەپێی وتەکانـــی کوڕەکەی بە بەردەوام سەرخۆش بووە و کێشەی جیاجیای بۆ دروســـتکردووە، و توندوتیژی بەرامبەر کراوە، تەنانەت لەلایەن کوڕەکەیەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە، دوای وەرگرتنی وتەکانی دایکی، دادوەر بڕیاری داوە بەدەستگیرکردنی تاونبار بەپێی ماددەی ٤٣٢ ی.س.



# ئافرەتێک بەسووتان کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت

لەڕۆژی ٢٠١٢/٤/٣ ئافرەتێکی دانیشـــتووی قەزای ســـۆران ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدا و دوای گەیشتنی بەنەخۆشـــخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر، دەرکەوت کە ڕێژەی ســـووتانەکە زۆر بووە و بەهۆیەویە گیانی لەدەستداوە.

لەم بارەیەوە ڕاگەیاندنی پۆلیســـی هەولێر ڕایگەیاند: دوای ئەوەی بەبوونی حاڵەتێکی سووتان لە نەخۆشخانەی ڕۆژئاوای هەولێر ئاگادار کراینەوە کە ئافرەتێك بەناوی (ر،ع) کە دانیشـــتووی قەزای سۆرانە و لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٤و ڕێژەی سووتانی جەستەی گەیشتووەتە(٩٠٪)و بەو هۆیەوە گیانی لەدەستداوە.

دوای وەرگرتنی وتەی دانیشـــتوانی قەزای ســـۆران دەرکەوت کە ئافرەتەکە نەخۆشـــی دەروونی هەبووە، ئەمەش هۆکاری خۆســـووتاندنەکەی بووە، بۆیە دادوەریش بڕیاریدا بە ڕەوانەکردنی پەڕاوەکە بۆ دادگای قەزای سۆران بۆئەوەی زیاتر لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەکە بکرێت.

# بۆچی خانمانی کوردستان کەمتـــــ

لەتێکڕای ٤٠٠پڕۆژە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا (٣-٤) ئافرەت پڕۆژەی پێدراوە. لەلایەکی دیکەوە پسپۆرانی بواری ئابووری دەڵێن ئەو ڕێژە کەمەیەی لەپڕۆژەکاندا هەیە بۆ ئافرەتی سەرمایەدارانی هەرێم ڕێژەیەکی زۆر کەمە و هۆکارەکەشی بۆعەقڵیەتی پیاو سالاریە کە ڕێگرە لەبەردەم کارکردنی ئافرەتان. سەرەڕای ئەوەی کە هەرێمی کوردستان بەڕووی دەرەوە کراوەتەوە ڕۆژ بەڕۆژ پڕۆژەی بازرگانی ڕوو لەزیادبوونە کەچی تائێستا کەمترین ڕێژەی ئافرەت لەبەڕێوەبردنی ئەم پڕۆژانەدا بەشدارن. هەندێ لەپسپۆرانی بواری ئابووری پرسی بەشداربوون یان بەشدار نەبوونی ئافرەت بۆ کۆمەڵگەو کەمتەرخەمی حکومەت و خودی ئافرەت دەگەڕێننەوە. حەیدەر مستەفا بەڕێوەبەری گشتی لێکۆڵینەوەو زانیاری لەدەستەی وەبەرهێنان، بەگوڵانی ڕاگەیاند «دەستەی وەربهێنان بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکان هیچ جیاوازیەك لەنێوان ڕەگەزەکان ناکات، تەنیا گرنگی بەچۆنیەتی سەرکەوتنی پڕۆژە دەدات نەك بە ڕەگەز. ئومێد عەلی پسپۆڕی ئابووری دەڵێت، ئافرەتان چینێکی گرنگی کۆمەڵگەن و

بێبەشکردنی ئەو چینەش گرفتی زۆر لەڕووی ئابوورییەوە دروست دەکات بەتایبەتی لەکاتی ئێستادا، هەرچەندە ئافرەتان خۆیان لەکاری سەرمایەداری بەدوور دەگرن، چونکە کۆمەڵگە ڕێگرە لەوەی کەئافرەت تواناکانی بخاتە گەڕ، ئەوکات داهاتێکی زۆری تاك بەفیڕۆ دەڕوات و ناتوانین وەك پێویست سوود لەتوانا مرۆییەکان وەربگرێت. بەقسەی ئومێد عەلی «ئەمڕۆ ئافرەتی سەرمایەدارمان نییە ئەگەر ئافرەتێك بەمیراتی پارەیەکی زۆریشی بۆبمێنێتەوە ناچاردەبێت داوا لە پیا و یێك بکات ئەو پارەیەی بۆ بخاتە بواری

بەرهەمهێنانەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە هەتا ئەم ساتەش ئافرەتی کورد وەك پێویست نەیتوانینوە لەگشت کایەکانی کەرتی تایبەتدا بەشداربێت.

ئومێد ئاماژە بەوەش دەکات کە حکومەت زۆربەی ئافرەتان لەداموودەزگا حکومەیەکاندا دادەمەزرێنێت و ئیتر ئەوانیش بەو موچەیەی کە هەیانە ڕازی دەبن و هەوڵی کارکردن نادەن، واتا دامەزراندی بێ بەرنامە لەدامودەزگا حکومیەکاندا کارێکی وەهای کردووە کە ئافرتان هەرگیز بیر لەبرەودان بەتواناکانیان نەکەنەوە، لەبەر ئەوەی لە و لا تێکی وەك تورکیا دامەزراندنی



# ـــــر لەکاری بازرگانی دەرکەوتوون؟

کەرتی گشـــتی نییە ئافرەت ناچارە ڕوو لەکەرتـــی تایبەتی بکات. ســـروە عەزیز توێـــژەری کۆمەڵایەتـــی پێیوایە نەریتی پیاوسالاری باڵی بەسەر بازاڕەکاندا کێشاوە و دەڵێت «بۆنموونە ئافرەتی سەرمایەداری کورد هەر نییە و ئەگەر بشـــبێت دەگمەنە، بەڵام ئافرەتی سەرمایەداری تورك و عەرەب زۆر زۆرە، ئەگـــەر بیر لەوە بکەینەوە بۆچی ئافرەتی سەرمایەدار دروستنەبووە لەکاتێکدا داهاتـــی تاکەکەس لەهەرێمی کوردســـتان بەرزتـــرە لەداهاتی تاکە کـــەس لەوڵاتانی دەوروبەردا، دەگەڕێینە بۆ چەند هۆکارێك کە دیارترینیان ڕێگرییە کۆمەڵایەتیەکانە کە وا لەئافرەت دەکات هەرگیز بیر لەکار و کاسبی کردن نەکاتەوە، خاڵێکی تر ئەوەیە زۆر ئافرەت کەدەچنە بواری بازرگانی و سەرمایەدارییەوە زۆر زوو تووشی داڕمان دەبن، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی کارەکانیان بۆجێبەجێدەکەن زیاتر پیـــاون، ئەو پیاونـــەش لەزۆرجاردا فێڵ لەو ئافرەتانە دەکەن. ئەمەش زوڵمێکی گەورەیە، هەروەها کاریگەری مامەڵەی نادروســـتی ســـەرجەم کۆمەڵگە بەهەردوو ڕەگەزی پیاو ئافرەتانیشەوە لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە کار لەکەرتی تایبەت و بواری سەرمایەداری دا دەکەن بەوەی قســـەو قســـەڵۆکی زۆر بەدوا دەکرێت.

شـــیرین یەحیـــا خەلیل خاوەنـــی گروپی کۆمپانیاکانـــی ڤەرســـان لەســـاڵی ٢٠٠٣ دەســـتی بەکاری بازرگانی کردووە و دەڵێت «سەرەتا ڕووبەڕووی زۆر گرفت و کێشەی جیـــاواز بوومەوە، بەڵام حەزم لـــەم کارەبوو توانیم تاڕاددەیەك ســـەرکەوتن بەدەست بێنم بەهاوکاری خێزانەکەم. «شـــیرین» کەمی ژمارەی ئافرەتی ســـەرمایەدار هۆکارەکەی دەگەڕێنێتـــەوە بـــۆ ڕێگـــری کۆمەڵگـــە لەدروستبوونی ئافرەتی ســـەرمایەدار لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە دەیەوێت هەمیشـــە ئافرەت پاشـــکۆی پیاوان بێـــت و ناهێڵێت ئافرەت ســـەرکەوتووبێت، بەجۆرێـــك ڕێگرییەکانی

**پێویستە سەنتەرێک هەبێت بۆ ڕێگەخۆشکردنی ئافرەتان بەرەو بواری بازرگانی**



کۆمەڵگە زۆرن، بەڵام ئێمە دەتوانین بەرەنـــگاری ئەو ڕێگرییـــە ببینەوە، ئەگەر سەیربکەین زۆر ئافرەت هەیە پارەیەکی زۆر لەمیراتـــی بۆماوەتەوە، بەڵام ناتوانێت خۆی سوودی لێببینێت و دەچێت پارەکەی دەداتە پیاوێك کارەکەی بۆبکات و یان ئافرەت هەیە زۆر بەتوانایـــە لەبەر قســـەو توانجی خەڵك کارناکات. بەقسەی ئەو خانمە سەرمایەدارە کە زۆر شت هەیە دەتوانین سوودی لێببینین بۆ ئـــەوەی بتوانیـــن ئافـــرەت بخەینە نێو بازرگانیەوە، هانـــی ئافرەت بدەین بۆئەوەی بتوانێت بەئازادی ڕای خۆی دەرببڕێت ئەمە زۆر گرنگـــە، چونکە ڕۆشـــنبیری ئافرەت لەدەربڕینی توانـــاکان و بەهرەکانیدایە، واتا ئافرەت هەیـــە زۆر ئازادە، بـــەڵام ناتوانێت کارەکانی خۆی بکات، ئێمە ژمارەیەکی زۆر لەڕێکخراوی حکومی و حزبی و مەدەنیمان هەیە هەموویان لەبوارە جیاجیاکاندا کار دەکەن، بەڵام تەنیا ئافرەت لەبواری بازرگانیدا زۆر کەمە، لەبەر ئەوەش کە تائێستا سەنتەرێکی تایبەت بەئافرەتان نییـــە کە هانی ئافرەتان بـــدات بۆ بواری بازرگانی، بۆیە پێویســـتە ســـەنتەرێك هەبێت بۆئـــەوەی ئافرەتان بۆ بـــواری بازرگانی ئامادەبـــکات. هەروەها حکومەت هاوکاری ئافرەتان بکات بۆئەوەی کە هەندێـــك بیرۆکراتیەتی نێـــو دەزگاکان کەمبەکەنەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە لەڕێگەی ئەو سەنتەرەوە خولی شیاندن بۆکچانی تازە پێگەشتوو بکرێتەوە بۆئەوەی بتوانن بێنە ناو کاروباری بازرگانیەوە.

بەپرســـی ڕێکخراوی تواناســـازی ئافرەتان ســـۆزان عارف لەکۆمەڵێك هـــۆکار ئاماژە بـــەوەدەدا، لەکوردســـتاندا ژمارەیەکی زۆر لەپڕۆژەی سەرمایەداری پیاوان هەن، بەڵام بەپێچەوانەوە ڕێژەیەکی زۆر کەم لەئافرەتان دەبنین لەبوارەکانی کەرتی تایەبەت و بواری ســـەرمایەداریدا، بێگومـــان ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە لەوانە ئافرەت پێویســـتە لەلایـــەن خێزانـــەوە هانبدرێـــت و بچێتە بواری کارکردنەوە، بـــەڵام لەخێزانەکاندا بەپێچەوانـــەوە ئەگـــەر ئافرەتێك خاوەنی ســـەرمایەکی باشـــیش بێت هەمیشـــە وەهای لێدەکەن کـــە ئەو ناتوانێت بچێت ئەو کارەبکات و دەیگەیەننە قەناعەتێك بـــەوەی ئەو ئەگەر بەو پارەیە کاســـبی بـــکات تووشـــی زەرەر و زیانێکـــی زۆری ماددی دەبێت، هەروەها نەریتێك هەیە ڕێگە بەکچ نادرێێت بچێتـــە ناو کەرتی تایبەتەوە کاربـــکات، چونکە کاتـــی دەوامی کەرتی تایبەت زۆرە، بەڵکو هەمیشـــە هانی کچان دەدرێت ڕوو لە پیشەی مامۆستایی بکات، چونکە دەوامی مامۆســـتا کەمترە لەکاتی دەوامەکانی تر، واتا کۆمەڵگە ســـنووری بۆ ئافـــرەت داناوە بۆجێبەجێکردنی کارەکان واتا هەمیشە کۆمەڵێك پرەنسیپ دانراوە کە ڕێگە بەئافرەت نەدراوە. لەسیســـتەمی خوێندندا هەرگیز سیســـتەمێك دانەنـــراوە کەوا لەتاك بکات بتوانێت ســـوود لەتوانـــاو بەهرەکانی وەربگرێت، بەپێچەوانەوە سیستەمی خوێندن لەلای ئێمە سیستەمێکی مەرکەزییەو هیچ کەســـێك ناتوانێت بـــرەو بەتواناکانی بدات و هیچ جـــۆە بیرۆکەیەك بەرهەم نایەت، لەبەر ئەوە مێشکی مرۆڤەکان دەبەستینەوە، پاشان دەبینین کەرتی تایەبـــەت لەلایەن پیاوانەوە ئیحتیکار کراوە ئەوشـــمان لەیادنەچێت هەتا ئافـــرەت لەبواری کەرتـــی تایبەتدا نەبێت، ناتوانین بڵێیـــن کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنمان بەرهەمێهێناوە.

**دەستەی وەبەرهێنان بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان هیچ جیاوازییەک لەنێوان ڕەگەزەکان ناکات**